# لە رۆمانی یۆلیسیسدا جۆیس دەیەوێ چی بڵێ

ئیبراهیم سەبتی
و: کاوەیس ئەحمەد



جیمس جۆیس

رۆمان هونەرێکی سەردی زەحمەتەو رووداوی واقیعی، یا خەیاڵی، یا هەردووکیان دەگێڕێتەوە.. تێکەڵبوونی حەتمی رۆشنبیری سەردەم و رۆشنبیری نووسەریشە، جگە لە خوورەوشتی نووسەر کە بێ پلانێکی لە پێشینە دەچێتە بەر یەکێ لە کەسایەتییەکان.. کۆندێرا دەڵێ: رۆمانووس تۆژەرێکە لەبوون دەکۆڵێتەوە.. لە رۆماندا کەشوهەواو فەزاکان بێ سنوورن ئەگەر بەشێوەیەکی رێک بەرێوەببرێن.. لە مێژووی ئەدەبیشدا زەمەن رۆمانی مەزنی نەمرو زیندوو کردووە کە بەڕاستی رۆمانی هەموو مرۆڤایەتین و بۆ هەموو سەردەمێک نووسراون. یۆلیسیس رۆمانێکی جیاکارە لە جیهانی سەردی رۆماندا. ئەو جیاکارییەی لەسەر بناغەو کۆڵەگەی پیشەکەری و پیشەو بابەت بنیاتنراوەو

باس لە هەموو وردەکارییەکان دەکات هەتا ئەگەر لەبەرچاوی خوێنەرەوە هیچ و گرنگیش نەبن، بەڵام بەشێوەیەکی ورد جۆیس رێکی خستوون، وەک ئەوەی وشە گوتراوەکان بەپێوانەیەکی وردپێوی زمان و بنیادی بیناسازی دەقە زەبەلاحەکە پێوانەکرابن. بنیادی رۆمانەکە بنیادێکی هەرەمی موتڵەقی هەیەو بەگێڕانەوەی شتە بچووکە ئاساییەکانی(بولد بلوم) دەستپێدەکات کە کەسێکی سەرەکی رۆمانەکەیە. ئەو وردەکارییانەی وردەکاری ژیانی گشتی کەسانی دیکەی ناو دبلنیشی دێتەناو، کە شوێنی رۆمانەکەیەو شاری جیمس جۆیسە. بەم جۆرە رەگەزی شوێنی راستەقینە دەچەسپێ نەک خەیاڵی. ئەمە سەردی بۆ پلەی راستگۆیی لە پێکهاتەی وەسف و بیناکردنی کەسەکان و شوێنەکان بردووە. بەتایبەتی کە رووداوەکانی رۆمانەکە لەماوەیەکی زەمەنی کەم کە(١٨) سەعاتە، یا کەمێک زیاترە روودەدەن. بۆ ئەوەی رووداوەکان بەخەیاڵێکی سەرکێشانە دەستپێبکەن و کۆتاییان پێ بێ... کە تژی سەرجەم وردەکارییەکانی سەردەمی خۆیانن. هەموو شتێ کە بەخەیاڵی مرۆڤدا بێ لە رۆمانەکەدا هەیە، تارادەی ئەوەی دەبینین ژیاننامەی تەواوی ئەو پیاو و ئافرەتانیش کە لە دبلن دەژین و ژیاون دەگرێتەخۆ، هەروەها درێژەی سروودو کەلتووری گۆرانی و ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەری عەقاراتی ناو دبلن و بڕی ئاوی بەکارهاتووی ناو شارەکە بەگالۆن و پێوەرەکانی دیکە لەناو رۆمانەکەدا هەن. ئێمە سەرمان سوڕدەمێنێ لە هەبوونی فاتورەی خەرجییەکانی ئاو و ژمارەی پلیتی عارەبانە هەڵمییەکان و ژمارەی جادەو شەقامەکان. ئەمانە شتی بێزارکەرن لەناو جەستەی دەقی ئەم رۆمانە گەورەیەدا کە رەهەندێکی بەڵگەنامەیی بەقۆناغێکی زەمەنی دیارکراوەو بەخشیوە... جگە لەوەی کە بۆتە تۆمارێکی شارستانی بۆ ئێرلەنداو ئینگلتەراو دەوڵەتانی دیکە، ئەوەی لە یادەوەری جۆیس جێیان بۆتەوە لە رۆمانەکەدا هەیە. سەرسوڕمانیش لەوەدایە کە چاپخانەکانی دبلن چاپکردنی رۆمانەکەیان رەتکردۆتەوەو هۆکاریشیان بۆ بڵاونەکردنەوەی سەمەرەترە، گوایە شێوازی جۆیس تەمومژاوی و ئاڵۆزوو نادیارە لە رۆچوونە ناو نەست و نائاگایی و فەوزاو زاڵبوونی سەردی بێزارکەرو وڕێنەی چڕو خەون و مەتاهە کە رۆمانەکە بەرەو جیهانەکانی ئاڵۆزی و بزربوونی مانا دەبات. لە ساڵی(١٩٣٢)دا رۆمانەکە لە فەرەنسا چاپکرا، لەوکاتەی ئەمریکاو بەریتانیا رازی نەبوون لە وڵاتەکەیان بڵاوببێتەوە، بەپاساوی ئەوەی ئوباحیەت و خراپەکاری و بیروباوەڕی نامۆو نائەخلاقی لەناو کۆمەڵگادا بڵاودەکاتەوە، بەڵام لە ک١ ساڵی ١٩٣٢شدا دادگای ئەمریکا رازی بوو رۆمانەکە بێتە ناو خاکی وڵاتەکەی. بڕیاری حوکمەکەیش ئەوەبوو کە(لە هیچ بڕگەیەکدا سێکس ناوروژێنێ) ئەمە خاڵی دەستپێکردن و بڵاوبوونەوەی رۆمانەکە بوو لە جیهاندا کە خەیاڵی جۆیس سەرسامی کردن. جۆیس لە رۆمانەکەدا خەیاڵێکی ناوازەی خولقاندووە کە لە خەیاڵی رۆماننووسەکانی سەردەمەکەی ئەو ناچێ.. هەڵڕژانێکی مەزنی بیروباوەڕو بابەتی پێکەوە گرێدراو و بەشی یەک بەدوای یەک هاتوو هەیە کە بەرهەمێکی مەزنی سەدان لاپەڕەیی پێک دێنێ، کە رەنگە کۆی پێنج رۆمانی قەبارە گەورە پێک بێنێ، بیرکردنەوەکان یەک بەدوای

یەک دێن و رستەکان دووبارە نابنەوەو قامووسی گوتراوەکان و ماناکان شتی نوێ لەگەڵ خۆیان دێنن، وە ئەوەی هەمیشە جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە وتەکە پشت بەو بەڵگەنامانە دەبەستێ کە لێرەدا خستویەتییەڕوو، کە قوتابخانەی رەخنەی فەرەنسی خۆیشی بەباوکی رۆمانی بەڵگەنامەیی دادەنێ. رەخنەگران بەکەمێک حیرەت و سەرسوڕمانەوە دەڕواننە جیهانی رۆماننووسی جۆیس. حیرەت لەو بینا گونجاوو پێکهاتە رێکەی بیرکردنەوەکان و شارەزابوون لە هەموو هەبوونەبوویەک، ئەو هیچ شتێکی نەهێشتۆتەوە نەینووسێ، لەمەشدا سیستەمی سەردی لەناو چیرۆک بەکاردێنێ،و(سەرد لەناو سەرددا) بەپشتبەستن بەزانیاری زۆرو رۆشنبیری و هۆشیاری ئەو گوتارەی دەیەوێ بیڵێ. ئەمە جگە لە تێگەیشتن لە بونیادی پتەو و زەحمەتی رۆمان. هەرچی جەدەلە کە هەندێ رەخنەگر بەسەرەتای قۆناغێکی نوێی لە رۆمان دادەنێن ئەویش قۆناغی دەروونییە کە دەینوێنێ و لە هەموو عورفێکی رۆماننووسی تێی دەپەڕێنێ، جۆیس بەدوورودرێژی و بەزانیارییەوە دەچێتە ناو قوڵایی کەسایەتییەکانی و جڵەوی خەیاڵی شلدەکات بۆ نزیکبوونەوە لە جیهانی نەست و نادیارو خەیاڵی و وروژاندنی هەستونەستی کپکراو و وروژاندنی ناوەوە، لێرەشدا مەنەلۆژی ناوەوەو خستنەڕووی ناوەوەو دەربڕینی خودی قسەکەر بەکاردێنێ، بەم جۆرە وا لەکەسی سەرەکی(بلوم) دەکات ببێ بەکەسێک مەبەست و رێچکەی ژیانی دیار نەبێ و هەوەسبازو خووڕەوشت نامۆو سەیروسەمەرە دەربچێ کە لە مرۆڤ نەوەشێتەوە، کە هەندێ جار قسەی وا دەکات هیچ مانایەکی نییە، جگە لە هەستکردن بەدارمان بەدرێژایی بەرەوپێشچوونی رۆمانەکەو داتەپێن لە خیانەتی هاوسەرێتی و بێ رەوشتی هاورێکانی. بەم جۆرە هەندێ جار لە خووڕەوشتی خۆی نائومێد دەبێ و نارێک هەڵسوکەوت دەکات، میزاجی دەگۆڕێ و لە لایەن کەسانی دیکەوە بەبێزارکەرو شێت لەقەڵەم دەدرێ. وە لە هەوڵدانیدا بۆ وەدەستهێنانی زانیاری دیکە جۆیس زیرەکانەو بەتواناوە رۆشنبیری وڵاتانی دیکە وەردەگرێ و مەبەستیشی سوودوەرگرتنە لە زانیارییە کەڵەکە بووەکانی ناو ناخی خۆی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بەشتە مرۆییەکانی رۆشنبیریی دیکە. دکتۆرە ماری تیریز(کە بەدوای مێژووی ئەدەب لە جیهاندا دەگەڕێ تێبینی ئەوە دەکات زۆربەی کارە داهێنەرە مەزنەکان لە ئەنجامی تێکەڵبوونی رۆشنبیری جۆراوجۆر هاتوونەتە بەرهەم.. بۆ نموونە کۆمیدیای خواوەندی دانتی،(طوق الحمامة)ی بن حزم، دۆن کیشوتی سرفانتس و شانۆگەرییەکانی شکسپیر، رۆمانی یۆلیسیسیش باشترین نموونەیە کە لە ئەدەبی نوێدا روونتر دەردەکەوێ.

جۆیس رۆمانی یۆلیسیسی بەرۆمانی سەدە بەرلەوەی بینووسێ دانا، وەبڕیاریدا رۆمانێ بنووسێ خەڵک بۆ ماوەی سەدان ساڵ باسی بکەن، وەک لە چاوپێکەوتنێ بەرلەمردنی باسی دەکات، وەبەرلەوەی دەست بەنووسینی بکات مەزندەی سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ناوبانگی لە دنیای پانوبەریندا دەکرد. لەوکاتەی کە خەیاڵی لای نووسینی رۆمانێکی دیکە بوو، بەرلەوەی یۆلیسیس بنووسێ و لەو چرکەساتەی لە نووسینی رۆمانەکەی بۆوە دەستی کرد بە رۆمانێکی دیکە بەناوی(بێداری فینیگان)و لە نووسینی ئەم رۆمانەدا مەبەستی نووسینی مێژووی جیهان بوو

کە مێژووییەکە پڕ بیروڕاو دنیادیدەیی، هەر لە ڕۆژی دروستبوونەوە تا ڕۆژی کۆتایی دنیا. جۆیس بۆ بونیادی ئەم ڕۆمانە زەحمەتە سوودی لە جیهانی ئۆدیسا بینی کە داستانێکی بەناوبانگی هۆمیرۆسە لەڕووی دابەشکردن و پارچەپارچەبووندا، بەڵام بەکۆتایی پێهێنانێکی جیا، ئەگەرچی لە بابەتدا لە یەک نزیکن. یوسف ئەلقەعید دەڵێ: کارەساتێ لە نەوەی ئێمەدا هەیە، هەموو دەڵێن یۆلیسیسمان خوێندۆتەوەو کاری لێمان کردووە، کە لەڕاستیدا ئەمە ڕاست نییە، دەقەکە زەحمەتەو چێژی نییە)...

بلۆمی جێمس جۆیس وەک کەسایەتی ئۆدیسای هۆمیرۆس نییە.. ئەو کەسێکی خاوەن تاکێتی و پاڵەوان نییە، بەڵکو کەسێکی ئاسایی ناو خەڵکە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو پەراوێز خراویشە تا رادەیەک.. هەرچی ئۆدیسیۆسە لە ئۆدیسادا ئەوا پاڵەوانێکی ئازایەو سەرکێشی لە ئەوپەڕی دنیادا دەکات و بەناوەو شتە شاراوەکان دەزانێ و سەنگینە.. هاوسەری بلۆم خیانەتکارەو لە بینولبی هاوسەری ئۆدیسیۆس هەمیشە دڵسۆز نییە، بەڵام پەنابردنی جۆیس بۆ ناونیشانی داستانەکە بۆ نزیکبوونەوەیە لە جیهانی داستان و ئەفسانە، بەهۆی ئەو سەرکێشی و بزربوون و گەڕانەی کە تێیدایە، هەر ئەمەشە کە جۆیس مەبەستی بوو، کاتێ هەوڵی بەراوردکردنی دەقی شیعری ئەفسانەکە دەدات بەدەقی ڕۆمانەکەو گەڕانی بلۆم بەسەرلێشێواوی. ئەرنستۆ ساباتا دەڵێ: بیرکاری ئەنشتاین زەحمەتترە لە بیرکاری ئەرخەمیدس، بەڵام یۆلیسیسی جۆیس ناوازەتر نییە لە ئۆدیسای هۆمیرۆس..)..

گەورە نووسەران بەجیهانی جۆیس کاریگەربوون، هەر لە ڕۆمانی یەکەمییەوە (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا)و کۆمەڵە چیرۆکی (خەڵکی دبلن)و ڕۆمانی (بیداری فینیگان).. ئەوەتا نەجیب مەحفوز شارەزابوونی لە ئینگلیزی وایکرد هەر زوو یۆلیسیس بخوێنێتەوەو دنیای نووسینی بۆ ڕووناک بکاتەوە و یارمەتی ئەوەی بدات ئەزموونی ڕۆماننووسی خۆی گەشە پێبدات. وەک جەمال غیتانی دەڵێ: کارەکە بۆ هەموو ئەوانەش وایە کە سوودیان لە ئەزموونەکە وەرگرتووە.

هەندێ ڕەخنەگریش پێیان وایە بابەتی یۆلیسیس لەبەر دەستی هەموو نووسەرێک دایە... بەڵام شێوازی نووسینەکەی ئەوکات نامۆو نوێ بوو بۆ ڕۆماننووسان. بەم ڕۆمانە جۆیس ویستی توانای خۆی لە نووسینی ڕۆمانێکی هەمەلایەن بچەسپێنێ کە هەموو شتێکی تێدایەو بلێ ئەقڵی مرۆڤ توانای هەیە بەرهەمێکی هونەری (ڕۆمانێ) بنووسێ کە تۆڕێکی خواروخێچی لە تەلیسم و زمانی نەحتی و مێژوویی میللەتێکی بەتەواوی تێدابێ.

**سەرچاوە:**
المدى الثقافي
العدد/ ١١٣٨ / الاحد(٢٧) ل٢ / ٢٠٠٨